# تۆ بارانێکی سەرشێتی

کاوەی خەسرەو کاوانی

تـۆ ئـەو بـارانە سەر شێتەی
دەبـارێ بـەسەر دڵەوە
من ئـەو شەونمە بێ ئۆقرەم
نـووساوم بـەتۆی گوڵەوە

* * *

لـە تیشکی سۆمای چاوانت
حەزێك خۆی تێ مەڵاس داوە
بێ تـۆ شیعرم بـۆ نـانوسرێ
بـە تـۆ بـەستراوە هۆنراوە

* * *

رووخسارت پڕ بـەرائـەتـە
لەگەڵ خەندەت گوڵ دەپشکوێ
لێوەکانت پـەڕ گوڵ ئـاسا
خۆیان گوڵن و گوڵیش دەگرێ

* * *

دڵ بەدرەختی عیشقی تۆ
لەوەتی هەم ,ئاوێزانە
بێ تۆ چ پاییزێ سەختە
هەموو وەخت گەڵا رێزانە.

* * *

دڵ نازاوی(2) عیشقی تۆیە
ئاژر(3) شۆری دەروونمی
دڵم بێ تـۆ ئافزێمێکە(4)
ئاودێری ژین و بوونمی

* * *

1-ئاوێزان :هەلواسراو ,شۆڕبۆوە
2-نازاو :ئەو ڕەوەکەی بە ئاو نازی وەرگرتووەو لە هەر گۆڕانێك ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێت.
3- ئاژر : رق ,تورەیی , قین
4- ئافزێم : کانی و سەرچاوەیەك کە هاوینان ووشك بکات .